**رادیۆی دەنگ**

**یەکەی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ**

## راپۆرتێك لەبارەی:

# گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەگەرمیان

شوباتی ٢٠٢١

## پێشەکی

کاری کۆمەڵی مەدەنی لەگەرمیان، بە هەوراز و نشێودا تێپەڕیوە، لەکاتێکدا لە کاتی وادا هەبوە بەرەوپێشەوەچون دروست بوە، بەڵام کاتی تریش هەبوە کە پاشەکشە لە کاری ڕێکخراوەکان دا هاتوەتە بون.

ئەوەی تائێستا بە وردی کار و بەدواداچونی لەبارەوە نەکراوە: ئەوەیە ئەم هەوراز و نشێوە بۆ؟ بۆچی ڕێکخراوەکان ناتوانن بە یەک ئاست و ریتم بەردەوام بن؟ کێشەکانیان چیە و پاڵنەری کێشەکانیش چین؟

یەکەی ڕۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ، لەمیانەی یەکێک لە چالاکیەکانی دا لە پرۆژەی رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED)، ئەم راپۆرتە تایبەتەی ئامادەکردوە و تیایدا لەسەر زاری ژمارەیەک چالاکوان و هەروەها بەرپرسی دۆسیەی کۆمەڵی مەدەنی و کەسانی شارەزاوە، شەنوکەوی پرسی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەگەرمیان کردوە و دیارترین ئاستەنگەکانی بەردەم کارکردنی ئەم بوارەی خستوەتەڕو.

## یەکەم: راپۆرت

## ١. گەرمیان لە کوێی کۆمەڵی مەدەنی هەرێم دایە؟

بەرپرسێک باس لەوە دەکات لە چاو ساڵانی رابردو کە کاری ڕێکخراوەی قورس بوە ڕێژەی کاری ڕێکخراوەی زۆر زیادی کردوە بە جۆرێک ٤٠٠٠ هەزار ڕێکخراو لە کوردستان هەن.

شوان مەحمود، جێگری فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان وتی: «کاری ڕێکخراوە ناحکومیەکان بەراورد بە پێش یاسای ژمارە یەک بەرەو پێشچونی باشی بەخۆیەوە بینیوە، بە جۆرێک گەشتوە ئەو شوێنەی بونی ٤٠٠٠ ڕێکخراوی ناحکومی لە هەرێمی کوردستان بۆ خۆی دەستکەوتی کۆمەڵگەی مەدەنیە، کە کار لە بەشێکی زۆر لە بوارەکان دەکەن چ لە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و چەندان بواری دیکە».

لەبارەی ژمارەی ڕێکخراوەکانی گەرمیانیشەوە، وتی: بە کۆشی گشتی لە ناوچەی گەرمیان ٥٨ ڕێکخراوی تۆمار کراو هەیە و بە فەرمی مۆڵەتیان پێ دراوە.

باسی لەوەشکرد: ئێستا گەشتونەتە ئەو قۆناغە کە کەرتێکی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان سەرپا گیربونی هەبێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە پێشکەوتن و گەشەسەندنەی لەگەڵ چۆنایەتی دا بەدی هاتوە.

لەگەڵ ئەوەشدا دانی بەوەدا نا کە بەشێکی تری ڕێکخراوەکان ناتوان کاربکەن و ڕۆڵی خۆیان بگێڕن.

## ٢. پەیوەندی حکومەت و ڕێکخراوەکان

بەشێکی زۆری ڕێکخراوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە حکومەت لە مەهام و کاری ڕێکخراوەکان نەگەشتوە لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەت لە گەرمیان.

کۆشش محەمەد، بەڕێوبەری ڕێکخراوی فۆکەس بە پەرەپێدانی مەدەنیەت، دەڵێت: «حکومەتی هەرێم تێگەیشتنێکی تەواوی بەرامبەر بە کار و تایبەتمەندی ڕێکخراو نیە، سەرەڕای هەمواری یاسای ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ لە ساڵی ٢٠١١ و لە ساڵی ٢٠١٣ چووە بواری جێبەجێ کردن، بەڵام بەهەمان ڕێنمایەکانی یاساک وْنەکە مامەڵە لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا دەکرێت، هەندێکجاریش ڕێگری دەکرێت لەئەنجامدانی چالاکی و کردنەوەی ئۆفیس لەچەند پارێزگایەکی دیاریکراودا».

لە هەمان کاتدا، لەیلا ئەحمەد، یەکێک لە ئەندامانی تیمی ڕێکخراوی وادی ئەلمانی لە گەرمیان دەڵێت: «حکومەت لە مەهامی کاری ڕێکخراوەکان وەکپێویست نەگەشتوە، ئەوەی حکومەت دەیکات ماندوکردنی کاری ڕێکخراوەکان بۆ مۆڵەت وەرگرتن یان هەر کارێکی تر، هەروەها هیچ لێپرسینەوەیەک یان راپرسیەکی بۆ ڕێکخراوەکانی ناوچەی گەرمیان نەکردوە یان لیژنەیەکی چاودێری پێکنەهێناوە بۆ چاودێریکردنی کارەکانیان، پێویستە حکومەت کاری ڕێکخراوەکان و چالاکیەکانیان لە یەکتر جیا بکاتەوە«.

وتیشی: پێویستە حکومەت هەڵسەنگاندنی هەبێت بۆ کاری ڕێکخراوەکان لە ناوچەکە، چونکە چەندین ڕێکخراومان هەیە لە ناوچەکە و هەریەکە و لە بوارێکی جیاوازدا کار ئەکات چ ناوخۆی و چ نێودەوڵەتی.

سەرۆکی ڕێکخراوێک جەخت لەوە دەکاتەوە کە حکومەت بێڕێزی بەرامبەر بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات.

ئبراهیم زەریف، سەرۆکی ڕێکخراوی ژینگەپارێزی گەرمیان، وتی: «حکومەت نەک لە مەهامی کاری ڕێکخراوەکان تێنەگەشتوە و دانیان پێدانانات، بەڵکو ئەوەی ڕێزبێت لێیان ناگرێت، بۆ ماوەی ١٠ ساڵە کار لە ڕێکخراو دەکەم هەر وابوە، بەڵام وەک گەرمیان لایەنی ئیداری و دامەزراوە حکومیەکان تۆزێک هاوکار بون هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە ئەمان هەم شتێکیان پێناکرێت بەڵکو لە سەرەوەیە بێڕێزی کردنەکە«.

ئەگەرچی یاسای تایبەت بە کاری ڕێکخراوەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام حکومەت وەک پێویست پابەندی نیە و پێویستە بەپێی ئەو یاسایە مامەڵە لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا بکات.

بێستون ژاڵەیی، بەرپرسی کاروباری مرۆیی لە ئیدارەی گەرمیان، باس لەوە دەکات: «چەندین کاری ڕێکخراوەی لە گەرمیان هەیە بە کاری خێرخوازیشەوە حکومەت گرفتی بۆ ڕێکخراوەکان دروست کروە و وەکپێویست لە کار و مەهامیان نەگەشتوە، بۆیە ئێمە یاسای تایبەتمان هەیە بە کاری ڕێکخراوەکان لە هەرێمی کوردستان و بۆ ماوەی ١٠ ساڵە ئەو یاسایە دەرکراوە و پێویستی بە هەمواركردنەوە هەیە، پێویستە حکومەت بەپێی ئەو یاسایە مامەڵە لەگەڵ ڕێکخراوەکان بکات بۆ ئەوەی تێبەگەن لە کارەکانیان».

لە بەرامبەریشدا، شوان مەحمود، جێگری سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان، وتی: «حکومەت بە یاسای ژمارە ١ ساڵی ٢٠١١ لە دەسەڵاتی یاسادانانەوە کە دەرکراوە تایبەت بە ڕێکخراوەکان بۆ خۆی ئەوە ئەگەیەنێت کە گرنگی بە کاری ڕێکخراوەی داوە لەگەڵ کەرتی کۆمەڵگەی مەدەنی، دروستبونی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆخۆی

بەشێکی ترە لە گرنگی پێدانی حکومەت، بۆیە تێروانینەکان بەگشتی ئیجابیە، بەڵام ئەمەش بە مانای ئەوە نایەت کە کۆسپ لە بەردەم کاری ڕێکخراوەی نیە«.
دەشڵێت: ئەمەش پەیوەستە بەو دامەزراوە حکومیانەی کە تاوەکو ئێستا بەتەواوەتی بەرچاو رون نین بۆجێبەجێ کردنی یاسای ژمارە یەکی کاری ڕێکخراوەکان بەشەکەی تریش پەیوەستە بە خودی ڕێکخراوەکان خۆیانەوە کە نەبون بە جێگەی متمانەی دەزگاکانی حکومەت بە مەبەستی هاوبەشی کردن و کارکردن پێکەوە نەبونەتە مایەی ئەوەی کە پێگەی خۆیان لە ناو کۆمەڵگادا دروست بکەن و ببنە جێگەی متمانەی کۆمەڵگا.
هێمای بۆ ئەوەش کرد: بەگشتی دەسەڵات بە هەمو کایەکانی خۆیەوە تێگەشتوە لە کاری کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو ئاستەنگانەشی کە دێنە بەردەم کاری ڕێکخراوەکان پەیوەستە بەو وتانەی سەرەوە کە ئاماژەم پێکرد.



دیمەنێک لە کۆنفرانسی پتەوکردنی پەیوەندیەکانی نێوان حکومەتی خۆجێی گەرمیان و کۆمەڵگەی مەدەنی

## ٣. دەستوەردانی حزبی لە کاری ڕێکخراوەکان

بەشێکی زۆری ڕێکخراوەکان باس لەوە دەکەن دەستوەردانی حزبی لە کاری ڕێکخراوەکان بونی هەیە و وایکردوە ئاستەنگی بۆ کارەکانیان دروست بکات، هەندێکیش بە پێچەوانەوە.
کۆشش محەمەد، بەڕێوبەری ڕێکخراوی فۆکەس بە پەرەپێدانی مەدەنیەت دەڵێت: مێژوی ڕێکخراوەکان لەهەرێمی کوردستان مێژویەکی کۆنی نیە، ڕێکخراوەکانیش بەشێکن لە واقعی کوردستان و ناوچەکە واتە بەبێ پاڵپشتی و کارئاسانی حزبی ئەستەمە کاربکرێت بەشێوەیەکی سەربەخۆ، دەستێوەردانی حزبی لە گەرمیان رەنگە زۆر باشتربێت بەراورد بە پایتەختی هەرێمی کوردستان.
«لەگەرمیاندا و لەپەنای حزبەکانەوە چەندین ڕێکخراو دروست کراون بەو ئامانجەی لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوانەوە کاریگەریان لەسەر رایگشتی هەبێت و پێی ئاڕاستەبکەن، بەڕادەیەک دەستوەردانەکە فراوانە، رەنگە لەپەنجەکانی دەست تێپەڕ نەکات ڕێکخراوێک هەبێت لەژێرکاریگەری حزبیدا نەبێت»، شاهۆ عەبدوڵڵا، ئەندام لە ڕێکخراوی تۆڕی گەشەپێدانی تواناکانی خەڵک لە گەرمیان وا دەڵێت.
سەرۆکی ڕێکخراوێک باس لەوە دەکات لە لایەن حزبەوە چەندین ڕێکخراو دروست کراوە کە وایکردوە کارەکانی ئەوەنیش قورستر بکەن.
ئبراهیم زەریف، سەرۆکی ڕێکخراوی ژینگەپارێزی گەرمیان وتی: «لە گەرمیان نزیکی ٢٨ ڕێکخراو هەیە کە ٦ لەوانە ژینگەین، ٢٠ ڕێکخراومان هەیە لە گەرمیان سەر بە حزبن و لە لایەن مەسئولەوە دروست کراون بەس بۆ کاری خۆیان، ئەمەش کاری ئێمە قورستر کردوە، لە کاتێکدا لە هەمو جیهان ڕێکخراوەکان بە دەسەڵاتی پێنجەم هەژمار دەکرێت بۆ چاودێرییکردنی دەسەڵات، بەڵام لە هەرێمی کوردستان نەک حزب دەستوەردەداتە ڕێکخراوە ناوخۆییەکان، بەڵکو هەندێکجار گرفت بۆ بیانیەکانیش دروست دەکەن».
بەپێچەوانەوە، لەیلا ئەحمەد، یەکێک لە ئەندامانی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی لە گەرمیان دەڵێت: ئێمە وەکو ڕێکخراوی وادی کە لە ساڵی ١٩٩٣ـەوە لەهەرێمی کوردستان کار دەکەین، کەم جار هەبوە ڕێگری حزبی هەبێت، بەتایبەت لەئێستادا هیچ دەستێوەردانێکی حزبی لەکار و چالاکیەکانماندا نیە، چونکە ئێمە ڕێکخراوێکی ناحکومی ئەڵمانی بوین، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە لە ڕێکخراوێکی حزبی سەربە خۆیان دەتوانن دەستێوەردان لەکارو چالاکیەکانیان بکەن.
«یەکێک لەو گرفتانەی کە لە کاری ڕێکخراوەی هەیە بونی ئینتمای حزبیە و کە چەندین ڕێکخراو لە لایەن حزب و کەسایەتیەکانی ناو حزبەوە دروست کراون، ئەمەش وایکردوە وێنە گەورەکەی کاری ڕێکخراوەی نەبینرێت، بۆیە لە دەستوەردانی حزبی لە کاری ڕێکخراوەیی ئەمەیە گرفت». بێستون ژاڵەیی، چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی وەهای وت.

## ٤. ڕێکخراوەکان: ئاستەنگمان بۆ دروست دەکرێت لە کارەکانمان

بۆ ماوەی چەند ساڵە ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و لۆکاڵیەکان لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن لە بوارە جیاوازەکاندا، وەک بەشێک لە ڕێکخراوەکان ئاماژەی پێدەکەن ئاستەنگ بۆ کارەکانیان دروست دەکرێت لەلایەن دامەزراوەکانی حکومەتەوە.

کۆشش محەمەد، بەڕێوبەری ڕێکخراوی فۆکەس بە پەرەپێدانی مەدەنیەت وتی: بەشێکی زۆری ئاستەنگەکان ئەگەڕێتەوە بۆ لاوازی لە جێبەجێکردنی یاسای ڕێکخراوەی لەهەرێمی کوردستان، هەروەها مەڵەکردنی وەزارەتی دارایی لەگەڵ ڕێکخراوەکان بەهەمان شێوەی کۆمپانیاکان.

وتیشی: بەشێکی تر لە ئاستەنگەکان ناداد پەروەرییە لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ڕێکخراوە لۆکاڵیەکان بۆ وەرگرتنی پاڵپشتی دارایی لە ڕێگەی ڕێکخراوە

نێودەوڵەتیەکان و نوێنەرایەتی وڵاتان لەهەرێمی کوردستان.

«ئاستەنگەکانی بەردەم کاری ڕێکخراوەکان زۆرە بەتایبەت لە ئەنجامدانی کار و چالاکیەکانمان لە کاتێکدا ئامانجی ئێمە خزمەتکردنە بە ناوچەکە بەتایبەت ژنان و منداڵان کە زۆرجار ئەبنە بەربەست لە پێشمان لەلایەن دامەزراوە حکومیەکانەوە، لە کاتێکدا بەڕەسمی مۆڵەتمان هەیە«، لەیلا ئەحمەد، یەکێک لە ئەندامانی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی لە گەرمیان وا دەڵێت.

شاهۆ عەبدوڵڵا، ئەندام لە ڕێکخراوی تۆڕی گەشەپێدانی تواناکانی خەڵک لە گەرمیان، باس لەوە دەکات: «حکومەت سەرتاپای لەقەیراندایيە، نەک هاوکاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی نەبوە، بگرە بەچاوێکی گومانەوە لەو ڕێکخراوانە دەڕوانێت کە نەکەوتونەتە ژێرکاریگەرییەوە، لەکاتێکدا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی وەک پردێکی گرنگی نێوان حکومەت و هاوڵاتیان وان، کەچی حکومەت هەمیشە لەلێدان بوە لەو پردە و مامەڵەیەکی دوژمنکارانەی لەتەکدا دەکات».

وتیشی: چ لە ڕێگەی یاساکانەوە چ لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییەکانەوە چەندینجار لەناوچە جیاجیاکان ئاستەنگی بۆ دروست کراوە لە ڕێگەی دامەزراوەکانی حکومەتەوە، لەکاتێکدا ئامانجی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی هەوڵی پێشختن و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگای خستوەتە ئەستۆی خۆی، سەرەڕای ئەو پرسیارانەی لەسەری دروست بون بەهۆی دەستێوەردانی حزبییەوە.

سەرۆکی ڕێکخراوێک دەڵێت ئەگەر ڕێکخراوەکان قورسایی خۆیان هەبێت هەرچەند ئاستەنگ دروست بکرێت ئەوە هەر کاری خۆیان دەتوانن بکەن.

ئبراهیم زەریف، سەرۆکی ڕێکخراوی ژینگەپارێزی گەرمیان، هێمای بۆ ئەوە کرد: «بەڵێ ئاستەنگ و ڕۆتینات هەیە لەلایەن دامەزراوەکانی حکومەتەوە، بەڵام ئەویش ڕێژەییە، لەگەڵ ئەوەش ئەگەر ڕێکخراوەکان قورسایی خۆیان هەبێت و مەبەستی کارکردنیان هەبێت بەردەوام دەبن هەرچەند ئاستەنگ هەبێت، بەڵام ئەگەر خۆیان سفر بن ئەوە ئاستەنگەکانیش زیاتر ئەبن».

باس لەوە دەکرێت کە ڕێکخراوەکان خودی خۆیان کێشە و گرفتیان زیاترە تایبەت بە خۆیان و وەک لەوەی ئاستەنگیان بۆ دروست بکرێت لەلایەن دامەزراوەکانی حکومەت.

بێستون ژاڵەیی، چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی باس لەوە دەکات: «بەگشتی و کاری ڕێکخراوەی لە گەرمیان گرفت وئیشکالیان زۆرە، یەکێک لەوانە نەبونی هەماهەنگیە لە نێوان ڕێکخراوەکان خۆیان بۆ هەر کارێک کە بیانەوێت بیکەن و تۆڕبەندی نیە لە نێوانیان و کار پێکەوەییان لە ئاستێکی زۆر نزمدایە».

دەشڵێت: یەکێکی تر لە گرفتەکان نەبونی ڕاهێنانە بە ڕێکخراوەکان و ئاشنا نەبونیانە بە کار و ئیتیکی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و جیهان، ئەوەش هەیە بە ئەزمونی خۆیانە و فۆرمی نوێیان پێ نیە و لە بنەڕەتەوە ئەوەی ئەوان دەیکەن بەسەر چوە، بۆیە بەگشتی گرفتەکان ئەوەنە تایبەتن بە خودی ڕێکخراوەکان خۆیان ئەوەنە بابەتی نین و ڕێگری و ئاستەنگ دروست بکرێت، چونکە پێشترمۆڵەت کە دەدرا بە ڕێکخراوەکان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە بوە، بەڵام ئێستا لەلای فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانە.

## ٥. بەشداری ژنان لە کاری ڕێکخراوەکان

یەکێک لەو پرسانەی کە لەکاری ڕێکخراوەیی دا لەگەرمیان بەرچاوە، بەشداریی ژنانە، هەیە پێیوایە تەنها روکەشیە، هەشە بەوە وەسفی دەکات کە بەرەو زیادبون رۆشتوە.

لەیلا ئەحمەد، یەکێک لە ئەندامانی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی لە گەرمیان دەڵێت: «بەشداری پێکردنی ژنان لە بەشێک لە ڕێکخراوەکان وەک پێویست نیە لە بڕیاردان و بەڕێوبەردن و چاودێری کردن و سەرپەرشتی کردنی پرۆژەکان بەتایبەت لە نێو ڕێکخراوە حزبیەکاندا، ئەوەی هەیە و زیاتر ژنان هێنراونەتە پێشەوە لەو پرسانە بوە کە تایبەت بوە بە ژنان نەک لە سەرجەم پرسەکان».

بە هەمان شێوە، کۆشش محەمەد، بەڕێوبەری ڕێکخراوی فۆکەس بە پەرەپێدانی مەدەنیەت باسی لەوەکرد: «بەراورد بەساڵانی رابردو بەشداری ژنان لە بەڕێوەبردن و کارکردن لە ڕێکخراوەکان بەشێوەیەکی فراوان گەشەی کردوە و دەرفەتەکان زیاتر بۆ ژنان کراوەترە تا بۆ پیاوان، بەڵام ئەمەش بێ کێشە نیە و دەیان تێبینی لەسەر ئەم بابەتە هەیە«.

بەپێچەوانەوە، شاهۆعەبدوڵڵا، ئەندام لە ڕێکخراوی تۆڕی گەشەپێدانی تواناکانی خەڵک، باس لەوە دەکات: «زۆرجار ئەوە دەبیسترێت کە ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوێکی پیاوکردن و لەسەر دەستی پیاوان دروست کراون، ئەمە بۆ چەند ساڵی رابردو رەنگە راست بێت، بەڵام لەم چەند ساڵەی دوایی سەرەڕای ئاستەنگەکان لەبەردەم رەگەزی مێ لەناو ڕێکخراوەکاندا، چەندین گروپ و دەستەی تایبەت دروست کراون لەسەر ئاستی کوردستان و گەرمیان، کە رۆڵێکی ئێجگار گرنگ دەگێڕن لەکۆمەڵگەدا و جێ پەنجەیان دیارە».

## ٦. لاوازیی ڕۆڵی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لە گەرمیان

چالاکوانان تێبینی ئەوەیان هەیە کە لەگەرمیاندا کەمتر ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان چالاکن.
لەیلا ئەحمەد، یەکێک لە ئەندامانی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی لە گەرمیان باس لەوە دەکات: «بەگشتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناحکومیەکانیش ناوچەی گەرمیانیان پشتگوێ خستوە و بەپێ پێویست کار و چالاکیان نیە لە ناوچەیەکی وەکو گەرمیان، لە کاتێکدا زۆرترین قوربانی و زەرەرو زیان بەر ئێرە کەوتوە لە چاو ناوچەکانی دیکەی هەرێم، بە تایبەت کە ڕێژەیەکی زۆری نەخوێندەواری ژنان لێرە هەن و بێبەش بون لە خوێندن و بەتایبەت ڕێکخراوە ناوخۆییەکان کەبەزۆری لەژێر کۆنترۆڵکردنی حزبدان و کارو چالاکیان سنوردارە».
«چ لەسەر ئاستی حکومی و حزبی و ڕێکخراوەکانەوە گەرمیان تا ئاستێک پشتگوێ خراوە، سەرەڕای بونی نوێنەر یان لقی ڕێکخراوە بیانییەکان لە گەرمیان، لەچاو شارەکانی دیکە یان ناوەندی پارێزگاکان گرنگی پێدانی ڕێکخراوە بیانییەکانیش لەئاستێکی زۆر نزمدایە، چونکە بەشێکی ئەو ڕێکخراوانە جۆرێک لە دابەشکاری کراوە لەنێوان حزبەکان و بەتایبەت پارتی و یەکێتی و فەندی هەمو ڕێکخراوەکان دابەش دەکەن و کادیرەکانی خۆیان تێدا سەرقاڵ دەکەن»، شاهۆ عەبدوڵڵا، ئەندام لە ڕێکخراوی تۆڕی گەشەپێدانی تواناکانی خەڵک هێمای بۆ ئەوەکرد.
دەشڵێت: ڕێکخراوە ناوخۆییەکانیش لەئێستادا بەهۆی قەیرانی داراییەوە کارەکانیان بۆ ئاستی زۆر نزم یان سفر دابەزییە و چالاکییان بەتەواوەتی کاڵ بوەتەوە.
کۆشش محەمەد، بەڕێوبەری ڕێکخراوی فۆکەس بۆ پەرەپێدانی مەدەنیەت دەڵێت: قۆرخکاری حکومەتی هەرێم بەتایبەت حزبی دەست ڕۆیشتو لە دەست بەسەرداگرتنی تەواوی سەرچاوەکانی داهات و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و ڕێگریکردن لە هاتنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بۆ پارێزگای سلێمانی و ئیداری گەرمیان، سەرباری لاوازی و بێ ئەزمونی بەشێک لە ڕێکخراوە ناوخۆییەکان لە وەرگرتنی فەندی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، لەگەڵ ئەوەش قۆرخکردنی بەشێکی زۆری پرۆژەکان لەلایەن چەن ڕێکخراوێکی حزبیەوە.
لە چاو ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان گەرمیان پشتگوێخراوە لە گرنگی دانی کاری ڕێکخراوەکان بەتایبەت نێودەوڵەتیەکان بۆ ناوچەکە.
بێستون ژاڵەیی، چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی هێمای بۆ ئەوە کرد: «هاتنی ڕێکخراو بۆ گەرمیان بە تایبەت نێودەوڵەتیەکان لە ساڵی ٢٠١٤ کە ئاوارەیەکی زۆر لە ناوچەکە هەبون هاتبونە ئێرە، بەڵام دواتر کشانەوە و پێیان وابو بارودۆخەکە ئاسایی بوەتەوە و ئەوان بە دوای ناوچەی گەرم دەگەڕێن بۆ کارکردن، دواتر ئەوانە مامەڵە لەگەڵ پارێزگادا دەکەن بۆ پرۆژە و گرێبەستی کار نەک لەگەڵ قەزاکاندا».
وتیشی: هەندێک ڕێکخراو کە هاتونەتە ئێرە بە سەیارەی درعەوە هاتون پێیان وایە ناوچەیەکی مەترسیدارە.

## ٧. جیاوازی لە نێوان گەرمیان و ناوچەکانی تری هەرێم دەکرێت لە کاری ڕێکخراوەکاندا

گەرمیان وەک ئیدارەیەکی سەربەخۆ کەوتوەتە نێوان بەرداشی پارێزگاکان بۆ کاری ڕێکخراوەی و جیاوازی دەکرێت لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، ئەمەش بە وتەی چالاکوانێک.
کۆشش محەمەد، دەڵێت: لە نێوان گەرمیان و هەرێمی کوردستان جیاوازی لەسەرجەم کایەکاندا دەکرێت و ڕێکخراوەکانیش بەدەرنەبون لەمە، هۆکاری ئەمەش باڵادەستی حزب و لاوازی دامەزراوە حکومیەکان و نەبونی چاودێری لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و پارێزگاکانەوە بێگومان جیاوازی دەکرێت.
«بەڕادەیەکی کەم جیاوازی لەنێوان ڕێکخراوەکاندا دەکرێت لەگەرمیان، بەڵام وەکە هەرێمی کوردستان و گەرمیان جیاوازییەکی زۆر هەیە و کەمتر گرنگی بەم سنورە دراوە«. لەیلا ئەحمەد، ئەندام لە ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی وای وت.
شاهۆ عەبدوڵڵا، ئەندام لە ڕێکخراوی تۆڕی گەشەپێدانی تواناکانی خەڵک دەڵێت: «جیاوازی زۆر دەکرێت لەنێوان ڕێکخراوەکاندا لە گەرمیان چ لە ڕوی وەرگرتنی فەندەوە یان لەئەنجامدانی چالاکییەوە بێت، چونکە ئەوانی نزیکن و پەیوەندیان لەگەڵ دامەزراوەکانی حکومەت و حزب و کەسانی دەسترۆشتودا هەیە باشتر هاوکاری دەکرێت، بەڵام ئەوانەشی لەکەناڵە جیاوازەکانەوە خەریکی ڕەخنەگرتن و پەیوەندیان لەگەڵ حزب و دامەزراوەکان لاوازە بەچەندین هەوڵ تادەتوانێت چالاکییەک ئەنجام بدات.
مامۆستایەکی زانکۆ دەڵێت: هۆکاری جیاوازی و پەرتبونی ڕێکخراوەکان لە گەرمیان ئەوەیە کە تەمویلی بەشێک لە ڕێکخراوەکان لەلایەن حزبەوەیە ئەمەش وایکردوە ململانێ دروست ببێت لە کارەکانی بەشێک لە ڕێکخراوەکان.
د. پشتیوان حەمە سەعید، مامۆستای زانکۆ لە گەرمیان دەڵێت: «بەڵێ جیاوازی لە نێوان ڕێکخراوەکان هەیە لە گەرمیان، ئەمەش پەیوەندی بەو دیدەوەیە هەیە کە دیدی حکومەتە بەرامبەر بە ڕێکخراوەکان و دیدێکی سلبیە و سیاسەتی پەرتکە و زاڵ بە بەکاردەهێنێت بەرامبەریان، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە ڕێکخراوەکان بەشێکیان تەمویلیان لەلایەن حزبەکانەوەیە ئەمەش وا ئەکات بیەوێت ئەو ڕێکخراوانەی کە بە ئازادانە لە دەرەوەی ئەو هاوکیشەیە کاربکات کە خۆی ئەیەوێت بێگومان ئاستەنگی بۆ دروست ئەکات و ڕوبەڕوی ململانێ و جیاوازی ئەبێتەوە«.
لە بەرامبەریشدا، شوان مەحمود، جێگری فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان وتی: «ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان لە هەرێمی کوردستان ٣٧٠ ڕێکخراون و لە وڵاتی جیاوازەوە هاتونەتە ئێرە، هۆکاری کەمی ژمارەیان لە گەرمیان پەیوەستە بەکار و پرۆژەی ڕێکخراوەکان کە کاری لەسەر دەکەن و سنوری چالاکی ئەوان چیە، ئەگەرنا هیچ شتێکی دیکەی لە پشتەوە نیە، لەگەڵ ئەوەش بە شێوەیەکی بە ناراستەوخۆ لە گەرمیان کاردەکەن و پاڵپشتی مادیی ڕێکخراوە لۆکاڵیەکان دەکەن بۆ پرۆژەکانیان».

## ٨. پرسی پارەدارکردنی ڕێکخراوەکان

بەشێک لە ڕێکخراوەکان باس لەوە دەکەن حکومەتی هەرێم کاری پێویستی نەکردوە بۆ پارەدار کردنی ڕێکخراوەکان لە گەرمیان، بەڵکو زیاتر هاوکاری ئەو ڕێکخراوانەن کە سەر بە حزبن.
ئبراهیم زەریف، سەرۆکی ڕێکخراوی ژینگەپارێزی گەرمیان دەڵێت: «حکومەت هیچ هاوکارییەکی مادی و مەعنەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوانەی کە بەڕاستی کار دەکەن نەکردوە، بەڵکو ئەوەی هەیە بۆ ئەو ڕێکخراوانەیە کە کلک و دەروێشی خۆیانن، تەنانەت ڕێکخراوی وا هەیە کە ژینگەییە لە گەرمیان ٥٠ ملیۆن دیناری وەرگرتوە بێ ئەوەی سودێکی بۆ ژینگە هەبێت، هیچ لێپێچینەوەیەکیش نیە».

لە هەمان کاتدا، کۆشش محەمەد، بەڕێوبەری ڕێکخراوی فۆکەس بە پەرەپێدانی مەدەنیەت دەڵێت: «سەرچاوەی پاڵپشتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دیاری کراوە حکومەتی هەرێمی کوردستان و فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان و حکومەتە خۆجێیەکان لەتوانایاندا نیە پاڵپشتی دارایی ڕێکخراوەکان بکەن، ئەوەی هەیە تەنها لە ڕێگەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و نوێنەرایەتی وڵاتانەوەیە، سەرباری ئەمەش ئەوەی هەیە بەدەرنیە لە پشکی حزب و ناوچەگەری و نادادپەروەری لە دابەشکردنی پاڵپشتیە داراییەکان بەتایبەت بۆ گەرمیان».




دیمەنێک لە چالاکی سەکۆی بەشداری گشتی

## ٩. ڕێکخراوەکان کاری پێکەوەیی ئەنجام نادەن

کاری پێکەوەی لە نێو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەدی ناکرێت لە ئێستادا لە چاو ساڵانی رابردو کە ناوەندێک پێکهێنرابو بە ناوی ناوەندی کاری هاوبەشی ڕێکخراوەکانی گەرمیان.
کۆشش محەمەد، بەڕێوبەری ڕێکخراوی فۆکەس بۆ پەرەپێدانی مەدەنیەت، هێمای بۆ ئەوەکرد: «لەماوەی رابردودا چەندین تۆڕ و چەتری جۆراوجۆ لە ژێر ناو ناونیشان دامەزراون لە گەرمیان، بەڵام بەهۆی تێنەگەشتن لە مەهام و تایبەتمەندی ڕێکخراوی ناحکومی و دەستێوەردانی حزبی هەڵوەشاوەتەوە، ئەستەمە سەرجەم ڕێکخراوەکان لە ژێر یەک تۆڕ کۆبکرێنەوە، بەڵام ئەکرێت چەند ڕێکخراوێکی تایبەتمەند و هاوپەیمان پێکەوە لەژێر ناوی چەتر یان تۆڕیک کاربکەن».
وتیشی: لەگەڵ ئەوەش نەبونی هۆشیاری کاری تیم و هەرەوەزی و خۆ بەگەورەزانی و خۆدەرخستنی کەسی یەکەمی ڕێکخراوەکان هۆکارێکی تری کارنەکردنی پێکەوەییە، لە کاتێکدا دەوترێت دەسەڵاتی پێنجەم کە یەکگرتووبن پاڵپشتی لەپەیام و هەڵوێستەکانی یەکتر بکەنەوە و هەڵەی حزب و حکومەت دووبارەنەکەنەوە و پێشەنگی کۆمەڵگەبن.
«سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش و روداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بوە هۆی تێکدانی کاری پێکەوەیی ڕێکخراوەکان».
لەیلا ئەحمەد، ئەندام لە ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی لە گەرمیان، زیاتر لەسەر ئەم خاڵە دوا و وتی: «لەساڵانی پێش هاتنی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش تۆڕی ڕێکخراوەکان لە گەرمیان زۆر باشبو و کار و چالاکی پێکەوەییان ئەنجام دەدا، بەڵام لەساڵی ٢٠١٤ و دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧، بەتایبەت قەیرانی دارایی گورزی تێکدەری لەتۆڕەکانی ڕێکخراوەکاندا و بەزۆری لێیان لەکارو چالاکی وەستان و پەیوەندی و پێکەوە بونیان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تر نەما یان ناوچەکەیان جێهێشت و گەڕانەوە شوێنی خۆیان».
لە بەرامبەریشدا، بێستون ژاڵەیی، چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی باس لەوە دەکات: «لە ساڵی ٢٠٠٦ ناوەندی کاری هاوبەشی ڕێکخراوەکان لە گەرمیان دامەزرا و نوێنەری ڕێکخراوەکانی تری کۆمەڵگەی مەدەنی و تەنانەت حزبیەکانیشی تێدا بو کە ژمارەیان لە ٨ ڕێکخراوە دەستی پێکرد تا ٤٠ ڕێکخراو ژمارەکە گۆڕانکاری بەسەرا ئەهات، لەگەڵ دامەزراندنی ئەم ناوەندە زۆر چالاک بو کاری دەکرد لەسەر سەرجەم پرسەکان کە لە بەرژەوەندی گشتی بو و پرسی گەندەڵی و تەندروستی و سەرجەم پرسەکانی تریش، کاری باش کرا و جێدەستیان دیار بو و کاری زۆر باش کرا».
وتیشی: کاری ئەم ناوەندە بەردەوام بو وەک خۆی تاوەکو ساڵی ٢٠١٣ و دواتر تا مۆڵەتی ڕێکخراوەکانی ئێنجی ئۆ دەستی پێکرد، دوابەدوای ئەمە گۆڕانکاری دروست بو لە فۆرمی کارکردنی ناوەندەکەدا و بە تایبەت لە دوای سەرهەڵدانی حزبی ئۆپۆزسیۆن خەڵک متمانەشی کەم بویە بەرامبەر بە کاری ڕێکخراوەکان و خەڵک پێی وابو ئەمانە پاشکۆی حزبن و کارکردنی ڕێکخراوەکانیش بو بە کەیس، لەگەڵ هەمو ئەمانەش ئەم ناوەندە کۆتای پێ نەهاتوە، بەڵام پێویستی بە گۆڕانکارییە و فۆرمێکی نوێی ئەوێ بۆ کارکردن.

## دوەم: چی بکرێت؟

دۆخی کۆمەڵگەی مەدەنیمان لەگەرمیان خستە پێش چاوی مامۆستایەکی زانکۆ و ئەویش بە پشت بەستن بە ئەزمون و شارەزایی خۆی، لێکدانەوەی بۆ کرد.
د. پشتیوان حەمەسەعید، مامۆستای زانکۆ و شارەزا لە بواری کۆمەڵی مەدەنی، وتی: سەرەتا پێویستە ڕێکخراوەکان چاوەڕوانی حکومەت نەبن بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان و پاڵپشتیان بێت، چونکە بە درێژای مێژو پەیوەندی نێوان ڕێکخراوەکان و دەسەڵات پڕبوە لە ململانێ.
وتیشی: ڕێکخراوەکان سوربون و بەردەوامی و پرۆفیشناڵیان لە کارەکانیان بەشێکە لە سەرکەوتنیان لەو ململانێیە کە لەگەڵ دەسەڵات دروست ئەبێت.
هێمای بۆ ئەوەش کرد: لە هەرێمی کوردستان و بە تایبەتیش گەرمیان نابێت چاوەڕوانی هەماهەنگی و پەیوەندیەکی باشبێت لە نێوان ڕێکخراوەکان و دەسەڵاتدا، چونکە تا ئەم چرکە ساتەش دیدی دەسەڵات بەرامبەر بە کاری ڕێکخراوەی دیدێکی خرپ و سلبیە وە بەهیچ شێوەیەک ڕێکخراوەکان وەک بەشێک لە ئەرک و کارەکانیان نابینن و وەک ململانیکارێک ڕێکخراوەکان دەبینێت.
ئەو مامۆستایەی زانکۆ پێیوایە بۆ چارەسەری زیاتری ململانیەکانی نێوان ڕێکخراوەکان و دەسەڵات پێویستە گۆرانکاری بکرێت لە یاسا کارپێکراوەکانی ڕێکخراوەکان.

د. پشتیوان حەمە سەعید، دەڵێت: «ڕێگە چارە بۆ کاڵکردنەوەی ئەو دۆخەی کە هەیە بۆ کاری ڕێکخراوەی لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەت گەرمیان دو خاڵی سەرەکیە، یەکەمیان گۆڕانکاری کردنە لە یاسا کارپێکراوەکان سەبارەت بە کاری ڕێکخراوەیی، گۆڕانکاری کردنە لە ئەو پەیوەندییەی نێوان و دەسەڵات و ڕێکخراوەکان و دیاریکردنی ئەرک و کاری ڕێکخراوەکانە، لەگەڵ ئەوەش تێڕوانینەکانی دەسەڵات بەرامبەربە بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەبێت ئەمانە گۆڕانکاری ڕیشەییان تێدا بکرێت، لەگەڵ ئەوەش دەبێت ڕێکخراوەکان زۆر جەخت لەوە بکەنەوە، چونکە ئەو یاسا و ڕێسا کارپێکراوانەی کە لە جیهان هەن و کاری پێدەکەن لە هەوڵ و ماندبونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆیان بوە و سوربون لەسەر دەرکردنی ڕێنمایی باش بۆ ئەوەی هاوکار و پاڵپشتیان بێت بۆ ڕای کردنی کارەکانیان».
وتیشی: دوەم ڕێگا دەبێت لەسەر ئاستی کلتوری کاربکرێت کە دیدێک هەیە سەبارەت بە کاری ڕێکخراوەی و ڕوڵیان و بەشداری ژنان لە ڕێکخراوەکان، بۆ ئەمەش پێویستە چالاکی و پرۆژەی پتەویان هەبێت و کاری هۆشیاری بکەن لەسەر ئاستی کۆمەڵگە بەرامبەر بە گرنگی کاری ڕێکخراوەی، ئەمەش وا ئەکات هاوکاربێت بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی کارەکیان بکەن لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا.

---

دەربارەی یەکەی ڕۆژنامەوانیی مافەکانی مرۆڤ

یەکەیەکی ڕۆژنامەوانیی تایبەتە بە بەدواداچونی پرسەکانی پەیوەست بە مافی مرۆڤ و دیموکراسی. لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە و بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی دامەزراوە.
کاری بەرهەمهێنانی بابەتی ڕۆژنامەوانی لە بواری مافەکانی مرۆڤ و هەروەها ئەنجامدانی چالاکی جیاوازی وەکو: خول، وۆرکشۆپ، ڕاپرسی، سیمینار، گفتوگۆی کراوە و ڕاپۆرتی قوڵ دەکات.

* سەرپەرشتیاری یەکەی ڕۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ و ئەم ڕاپۆرتە: زریان محەمەد
* پەیوەندی:
٠٧٧٤ ٠٨٧ ٨١٥٣
٠٧٧٢ ٨٥١ ٨١٦٣
* شوێنی یەکەی ڕۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ لە ئینتەرنێت:
http://radiodeng.net/pages.
٣=aspx?kodtech

---

دەربارەی ڕادیۆی دەنگ

ڕادیۆی دەنگ، یەکەمین ڕادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.
لە ساڵی ٢٠١٠ەوە دامەزراوەو لە بەرواری ٦ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.
ئامانجیشی بریتییە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەڕێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.
سەرباری پەخشی زەمینی، ڕادیۆکە خاوەنی چەند پرۆژەیەکی دیکەیە، وەکو: سایتی ڕادیۆی دەنگ، سایتی دەنگ نێت، سایتی نەوژین، یەکەکانی: چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان، ڕۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ، وزە و هەڵبژاردن.

ئەم ڕاپۆرتە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئامادەکراوە